خۆشەویستترین ڕۆژووگرتن لە لای خوای گەورە؛ ڕۆژووگرتنی داودە، خۆشەویستترین نوێژکردن لە لای خوای گەورە؛ نوێژکردنی داودە، نیوەی شەو دەخەوت، وسێیەکی شەو نوێژی دەکرد، وشەش یەکی شەو دەخەوت، وڕۆژێک ڕۆژووی دەگرت وڕۆژەکەی تر دەیشکاند

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خۆشەویستترین ڕۆژووگرتن لە لای خوای گەورە؛ ڕۆژووگرتنی داودە، خۆشەویستترین نوێژکردن لە لای خوای گەورە؛ نوێژکردنی داودە، نیوەی شەو دەخەوت، وسێیەکی شەو نوێژی دەکرد، وشەش یەکی شەو دەخەوت، وڕۆژێک ڕۆژووی دەگرت وڕۆژەکەی تر دەیشکاند».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە خۆشەویستترین ڕۆژووگرتن ونوێژکردن لە لای خوای گەورە ڕۆژووگرتن ونوێژکردنی پێغەمبەر داودە -عليه الصلاة والسلام-، ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبوو وڕۆژەکەی تر دەیشکاند؛ واتە لە ساڵێکدا شەش مانگ بەڕۆژوو دەبوو، وئەم شێوە ڕۆژووگرتنە باشترین شێوازی ڕۆژووگرتنە وهەروەها هەندێک ئیسراحەت پێدانی تێدایە بۆ لاشە، داود -عليه السلام- شەوی دەکرد بە شەش بەشەوە نیوەی دەخەوت؛ بۆئەوەی بە چالاکی هەستێت بۆ نوێژکردن دوو لەسەر شەشی شەو نوێژی دەکرد وپاشان یەک لەسەر شەشی کۆتایی شەو دیسان دەخەوتەوە بۆئەوەی بە چالاکی هەستێت بۆ نوێژی بەیانی وچالاکیەکانی ڕۆژ، وئەم شێوازە لە شەونوێژکردن باشترین شێوازە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆ ئەنجامدانی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4541